وەزارەتی ناوخۆ چەندین ئۆتۆمبێلی پۆلیس بۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سەران ناردوە



شەماڵ دەواری گووتەبژی پۆلیسی سەران راگەیاندووە، ئەمڕۆ پێنجشەممە 15 ئۆتۆمبێلی بۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سەران دابینکران کە لەسەر داوای عەمید سەران لەتیف، بەڕێوەبەری پۆلیسی سەران بووە، کە بۆ نووسراوی فەرمی داوای لە ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کردبوو بۆ ئەم بابەتە.

دەواری دەشڵێت: ئەم هەنگاوە بووژانەوەیەکی گرنگی بۆ ژێرخانی پۆلیسی ناوچەکە دەگەیەنێت و دەتوانێت کارایی و خێرایی کاری هێزەکانی ناوخۆ باشتر بکات، ئەم پاڵپشتییە گرنگە یارمەتیمان دەدات خزمەتگوزاری باشتر پێشکەش بە هاوڵێشتمانیان بکەین.